# هەرەوەزی ستراتیژی وەیڵز بۆ کۆچبەری

**زانیاری سەبارەت بە سەلامەتی و پشتگیری بۆ پەنابەران، پەناخوازان و کۆچبەران و کەسانی دیکە کە سەبارەت بە سەلامەتی و ئاسایشی خۆیان نیگەرانن.**

ئەم زانیاریانە لەلایەن هەرەوەزی ستراتیژی وەیڵز بۆ کۆچبەرییەوە کۆکراونەتەوە و کۆبەند کراون و شایانی گۆڕانکارییە دوای ئەوەی کە زانیاری زیاتر بۆ ئێمە بەردەست دەبێت.

## نیگەرانییە دەمودەستەکان

**ئەگەر ئەو ڕەوشەی کە تۆی تێدایت توندوتیژە یان کەسێک لە مەترسیی دەمودەستدایە یەکسەر پەیوەندی بە 999 ـەوە بکە.**

## تاوانی ڕق و کینە

**تاوانی ڕق و کینە چییە؟**
تاوانی ڕق و کینە وەک هەر تاوانێک پێناسە کراوە کە لەلایەن قوربانییەکە یان هەر کەسێکی ترەوە وەها لێک بدرێتەوە کە پاڵنەرێکی هەبووبێت لەسەر بنەمای:

- کەمئەندامی
- نەژاد یان نەتەوە
- ئاین یان باوەڕ
- ئاراستەی سێکسی
- ناسنامەی ڕەگەزگۆڕکێ

هەموو کەسێک بۆی هەیە ببێت بە قوربانیی تاوانی ڕق و کینە و قوربانییەکە مەرج نییە بەشێک بێت لەو گرووپە کە کراوەتە ئامانجی دوژمنایەتی.

**بۆچی دەبێت تاوانی ڕق و کینە هەواڵ بدەیت؟**
ڕووداوەکانی تاوانی ڕق و کینە بۆی هەیە ترسێنەر بن و هەواڵدانیان گۆڕانکارییەک بەدی دەهێنێت.
لە ڕێگەی هەواڵدانیانەوە تۆ یارمەتیمان دەدەیت بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی ئەو ڕووداوانە بۆ کەسانی دیکە لە داهاتوودا و ئەوە یارمەتی پۆلیس دەدات بۆ تێگەیشتن لە پانتایی تاوانی ڕق و کینە لە ناوچەکەتدا.

**پۆلیس**
لە وەیڵز، ژمارەیەک ڕێگە هەیە بۆ هەواڵدانی تاوانی ڕق و کینە. دەتوانیت تاوانی ڕق و کینە ڕاستەوخۆ بۆ پۆلیس هەواڵ بدەیت. بۆ ئەنجامدانی هەواڵدانێک تەلەفون بۆ **101** بکە، سەردانی بنکەیەکی پۆلیس بکە، یان لە ڕێگەی یەکێک لەم بەستەرانەی خوارەوەوە هەواڵدانەکە ئەنجام بدە:

[How to report hate crime |پۆلیسی باشووری وەیڵز South Wales Police چۆن تاوانی ڕق و کینە هەواڵ دەدەیت(south-wales.police.uk)]

[How to report hate crime  چۆن تاوانی ڕق و کینە هەواڵ دەدەیت | Dyfed-Powys Police دایفید پاویس پۆلیس]

[How to report hate crime چۆن تاوانی ڕق و کینە هەواڵ دەدەیت | North Wales Police پۆلیسی باکوری وەیڵز]

[How to report hate crime چۆن تاوانی ڕق و کینە هەواڵ دەدەیت | Gwent Police پۆلیسی گوێنت]

[Report hate crime تاوانی ڕق و کینە هەواڵ بدە | Police.uk (www.police.uk)]



وەشانی 1.0
2024-08-7

ترو ڤیژن True Vision ماڵپەڕێکە کە لەلایەن پۆلیسەوە مەسرەفی دەکێشرێت بۆ پشتگیریکردنی خەڵک سەبارەت بە تاوانی ڕق و کینە: تاوانی ڕق و کینە لەسەر بنەمای هاوڕەگەزبازی، ڕەگەزگۆڕکێ، نەژادی، ئاینی و کەمئەندامیی ڕابگرە - ترو ڤیژن (report-it.org.uk))

**هەواڵدانی تاوانی ڕق و کینە و پشتگیری قوربانیانی تاوان.**
ژمارەیەک ڕێکخراوی خێرخوازی هەیە کە دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ هەواڵدانی تاوانی ڕق و کینە و پشتگیریت بۆ پێشنیاز بکەن.

تاوانی ڕق و کینە ڤیکتم سەپۆرت: پەیوەندی – Wales Hate Crime تاوانی ڕق و کینە لە وەیلز (victimsupport.org.uk))
هێڵی پشتگیری قوربانیانی تاوان (ڤیکتم سەپۆرت): 0300 3031 982
ئیمەیڵ: Hate.CrimeWales@victimsupport.org.uk

یارمەتیدان سەبارەت بە هەواڵدانی تاوانی ڕق و کینە و پشتگیری: Home - Stop Hate UK
ماڵەوە- تاوانی ڕق و کینە ڕابگرە هێڵی یارمەتی 24 کاتژمێرە: 0800 138 1625
تێکست بنێرە: 07717 989 025
ئیمەیڵ: talk@stophateuk.org

هەواڵدانی تاوان بە ناوناداری: ڕێکخراوی خێرخوازی بێلایەنی شانشینی یەکگرتوو کە بەشێوەی ناونادیار زانیاری تاوان وەردەگرن| کرایم ستۆپەرز Independent UK charity taking crime information anonymously | Crime stoppers (crimestoppers-uk.org)
تەلەفون: 0800 555 111

**پشتگیری ڕق و کینەی دژە موسوڵمان**
پشتگیری سەبارەت بە ڕق و کینەی دژە موسوڵمان: تێل ماما
Tell Mama: ڕق و کینەی دژە ئیسلام یان ئیسلامۆفۆبیا هەواڵ بدە
Report in Anti-Muslim Hate or Islamophobia (tellmamauk.org)
تەلەفون: 0800 456 1226
تێکست بنێرە: 0115 707 00 07
واتس ئەپ: 0734 184 6086
ئیمەیڵ: info@tellmamauk.org

**ئاخاوتنی ڕق و کینەی سەر ئینتەرنێت، تاوانی ڕق و کینە و بەدکرداریی سەرهێڵ (سەر ئینتەرنێت)**
زانیاری لەسەر چۆنیەتی هەواڵدانی ئاخاوتنی ڕق و کینە و تاوانی ڕق و کینە لەسەر ئینتەرنێت: Report Harmful Content بابەتی زیانبەخش هەواڵ بدە - ئێمە یارمەتیت دەدەین بابەتەکە لاببەریت- We Help You Remove Content

**پشتگیری بۆ پەناخوازان، مناڵانی پەناخوازی دوور لە کەسوکار**
ئەگەر هەڕەشەیەکی دەموودەستت لەسەر بوو، پەیوەندی بە **پۆلیسەوە بکە بە ژمارە 999**. بە پێچەوانەوە، دەتوانیت پەیوەندی بە تۆێژەرە کۆمەڵایەتییەکەت/ ڕاوێژکاری کەسییەوە بکەیت بۆ پشتگیریی.

**پەناخوازانی گەورەساڵ کلیەر**
**سێرینگس ڕێدی هۆمز**
ئەگەر پەناخوازێکیت لە وەیلز، دابینکاری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت کلیەر سێرینگس ڕێدی هۆمزە. ئەگەر هەر نیگەرانییەکت هەبوو دەربارەی ئەو شوێنی نیشتەجێبوونەی کە تێیدا نیشتەجێیت یان وەهات هەست کرد کە سەلامەت نیت، بەر لە هەموو شتێک پەیوەندی بە کارگێڕی شوێنی نیشتەجێبوونەکەوە بکە. وردەکارییەکانیان دەبێت لە بەستەی سەرەتادا بۆ تۆ فەراهەم کرابێت.

**مایگرەنت هێڵپ**
پەناخوازان دەتوانن 7/24 لە مایگرەنت هێڵپەوە پشتگیری بەدەست بهێنن. بۆ نیگەرانی یان پێداویستیی پارێزگاریکردن، دەتوانیت پەیوەندی بە ناوەندی وەڵامدانەوەی یەکەمەوە بکەیت بە ژمارە **08088 010 503**

یان لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەیانەوە: پەیوەندی| مایگرەنت هێڵپ (migranthelpuk.org).

**مایگرەنت هێڵپ ڕێنمایی پەناخوازان دەکەن بۆ ئەوەی بەر لە هەموو شتێک پەیوەندی بە کلیەر سپرینگس ڕێدی هۆمزەوە بکەن سەبارەت بە هەر کێشەیەکی شوێنی نیشتەجێبوونەکەیان.**

**سەرچاوەی یارمەتی دیکە**
**نەیشن ئۆف سانکچوەری**
**Nation of Sanctuary**
ماڵپەڕی سانکچوەری زانیاری پێشنیاز دەکات سەبارەت بەوەی کە چۆن لە وەیڵز بە سەلامەتی دەمێنیتەوە:
Sanctuary | سانکچوەری Staying safe مانەوە بە سەلامەتی ((gov.wales

**پشتگیری سەبارەت بە دەروون دروستیی**
بۆ پشتگیری بەپەلەی دەروون دروستیی، **تەلەفون بۆ ئێن ئێچ ئێس NHS 111 بکە و پەنجە بنێ بە بژاردە 2 دا**.
ئەم خزمەتگوزارییە 7/24 لە هەموو ناوچەکانی وەیڵزدا بەردەستە بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە ئەوانەی پێویستییان بە پشتگیرییە لەو کاتانەدا کە زۆر پێویستییان پێیەتی بتوانن بە خێرایی دەستیان پێی ڕابگات.

لە وەیڵز، هێڵی یارمەتی CALL هەموو کاتێک 7/24 کراوەیە، بۆ پشتگیریی سۆزداری و ڕێنمایی.
ژمارە تەلەفونی بێ بەرامبەر بۆ CALL ژمارە **0800 132 737** ـە یان دەتوانیت زانیاری سەبارەت بە دەروون دروستیی و خۆشگوزەرانی لەسەر ئەم ماڵپەڕە ببینیتەوە: https://www.callhelpline.org.uk/

زانیاری زیاتر دەکرێت لێرەدا ببینرێتەوە: NHS 111 Wales - Mental Health and Wellbeing ئێن ئێچ ئێس 111 وەیڵز - دەروون دروستی و خۆشگوزەرانی.
-

**دیویس وەیڵز**
بزوێنەری گەڕانی سەر ئینتەرنێتی دویس وەیڵز Dewis Wales دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ دۆزینەوەی ڕێکخراوەکانی پەنابەران و پەناخوازان و ئەو ڕێکخراوانەی کە پاڵپشتی بۆ پێداویستییەکانی تر پێشنیاز دەکەن:
Dewis.wales دویس وەیڵز

بۆ سەرنج و تێبینی یان دوا گۆڕانکارییەکان سەبارەت بەم بڵاڤۆکە، تکایە ئیمەیڵ بنێرە بۆ
WSMPComms@wlga.gov.uk



وەشانی 1.0
2024-08-7